## کۆبونەوەی هاوبەشی ناوەندی هەڵەبجەو ئەمنستی ئەنتەرناسونالْ

1- کورد لە باشوری بچوک
2- کورد لە باکور
3- کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان
4- پەنابەرانی کوردی ڕۆژهەلات لە تورکیا
5- باشوری کوردستان
6- هەڵەبجە

بۆ بەداوچونی بڕیارەکانی دواهەمین کۆبونەوەی لقی سویسرای ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد دوێنێ کاتژمێر 1.5 دوای نیوەڕۆ نوێنەرانی ناوەند بانگکێش کران بۆ کۆبونەوە لەگەلْ بەرپرسی بەشی مافی مرۆڤ و پەنابەری لە ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەت بەڕێز F.Grif نوێنەرانی ناوەند کە پێکهاتبون لە بەڕێزان هیوا ناسیح , نوعمان نەوجەوان ,ئەیوب عەبدولا , حاجی ئەنوەر , کۆبونەوەکە کاتژمێر 2 پاش نیوەڕۆ دەستی پێکردو تا کاتژمێر 3 دوای نیوەڕۆی خایاند سەرەتا کاک حاجی ئەنوەر لەماوەیەکی کورتی20 خولەکیدا باسی ناوەند وئەرکەکانی و کێشەکانی نەتەوەی کوردی لە هەرچوار پارچەی کوردستاندا باس کردو کۆمەڵێک داخوازی خستە بەردەم ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی .هەریەک لە کاک( هیوا و نوعمان وئەیوب ) لەوماوەیەی کە ناوەند دیاری کردبوو بەسەرنج و پێشنیارەکانیان بەشداریان کرد ، بڕیار بوو کە زۆرترین کات دابنێن بۆ خانمی گریف و گوێ بیستی بین .
خانمی گریف لە سەرەتای ئاخافتنەکەیدا باسی ئازارو ئەشکەنجەکانی نەتەوەی کوردی کردو باسی لەسەردانەکانی بۆشارەکانی کوردستان و لەوانەش شاری هەڵەبجە و خۆشحاڵی دەربڕی کە ناوەندێکی لەم جۆرە هەیە و درێژەی بە ئاخافتنەکی داو وتی : ئێمە بەبەردەوامی پەیوەندیمان بە هەرچوار پارچەی کوردستانەوە هەیە و ڕاپۆرتی سالآنە دەنوسین دەربارەی پێشێلیەکان لە بواری مافی مرۆڤدا ، کاتی خۆی ئاکسیۆنێکمان بۆ کوردەکانی سوریا کرد و ڕاپۆرتێکیشمان لەو بارەیەوە بلاوکردەوە ، وەزعی کورد لە ئێران وەک کوردەکانی سوریایە ، من دەزانم ئێوە وشەکانی باکورو باشورو ڕۆژهەلات بەکار دەهێنن ، ببورن منیش وەک ئێوە لێرەبەدواوە هەمان وشە بەکاردەهێنم ، ئیمەزانیاریمان لەسەر کوردە گیراوەکانی ڕوداوەکانی مانگی 7-8 لە ڕۆژهەلاتدا هەیە وە بەدوای هاتنە سەرحوکمی ئەحمدی نەژاد ترس ونیگەرانیمان زیاتر بووە لەسەر ڕەوشی خەڵکی کورد بۆیە بەردەوام چاودێری دەکەین ، ئێمە زانیاریمان هەیە کە حکومەت زیندانیەکان ئازاد دەکات و پاش ماوەیەک دەستگیریان

دەکاتەوە ، حکومەتی سویسرا گفتوگۆی هەیە لەگەڵ حکومەتی ئێراندا دەربارەی مافی مرۆڤ ، هەرچەندە ئێمە پێمان وایە فائیدەی نیە لەگەڵ ئێراندا , بەلاّم کۆڵێش نادەین کە حوکمی ئیعدام هەڵبگیرێت . لەباری کوردە پەنابەرە ڕۆژهەلاّتیەکان لە تورکیا ئێمە بەردەوام چاودێریان دەکەین و دەزانین گەرانەوەیان مایەی کێشەی گەورەیە هەر بۆیە ئێمە لەگەڵ کۆمیسیۆنی بالاّی پەنابەران لە جنێف پەیوەندی دەگرین ,کە چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەو 1200 پەنابەرە کوردە بدۆزنەوە وەک نیشتەجێبون ، کێشەکە لەوەدایە ئەو پەنابەرانە لە کاتی خۆیدا لە باشوری کوردستان ئیعترافیان پێکراوە و چون بۆ تورکیا هەر بۆیە ئیعترافیان پێناکرێ بەلاّم تا مانگی 5.2006 ئیقامەکەیان بۆ درێژ کراوەتەوە ، ئێمە نیازمانە کەمپینێکی گەورە بۆ پشتیوانیان بۆ ساز بکەین و چارەسەرێکی گونجاو وەک ئیقامەی دائیمیان پێبدەن ، بەشی کاروباری پەنابەران زۆر بەجدی کار بۆ ئەو 1200 پەنابەرە دەکات و ناوەندەکەی کە لە لەندەنە لە نزیکەوە ئاگادارە و پەیوەندیمان بە نقابەی محامیەکانەوە لە تورکیا هەیە , بۆ هەمان مەبەست کە زەخت لە حکومەتی تورکیا بکەن . لە پەیوەند بە کورد لە باکوری کوردستان نیگەرانین و هیوا دەخوازین ئاشتیەکی ڕاستەقینە بەرقەرار بێت . لەباشوریش زەخت وزۆر لە هێزە بچوکەکان دەکرێت لە لایەن دەستەلاّتە کوردەکانەوە . لە پەیوەند بە شاری هەڵەبجەوە ئێوە دەتوانن پەیوەندی بە HEKS وە بکەن سەبارەت بە خەستەخانە و قوتابخانە چونکە ئەوان پرۆژەی خانوکردنەوەیان لە هەڵەبجە کردوە .

بۆ بەدادگای گەیاندنی ئەو کەسانەی کە دەستیان هەبووە لە ئەنفال کردن و جینۆسایدی مرۆڤی کورد دەبێت قوربانیان یان کەس وکارەکانیان داوا لە دادگا بکەن و سکالاّ تۆمار بکەن ، دەتوانن پەیوەندی بەو گروپەوە بکەن کە لە جنێف ئەو کارانە دەکات ، ئەو کارنەش کە بوونەتە مایەی قوربانی بوونی مرۆڤ وەک ئەوەی لە هیندستان رووی دا ، ئێمە زاختیان لێدەکەین کە قەرەبووی زیان لێکەوتوان بدەنەوە , ئێمە پلانی خۆمانمان هەیە لە کام ولاّتەوە دەست پێدەکەین ، ئێوە دەتوانن پەیوەندی بە لەندەنەوە بکەن و ناوی ئەو کارگە سویسرانەش کە هەن بیدەن بە ئێمە ، بەلاّم گرنتی ئەوە نادەین کە لێپرسینەوە یان لەگەڵ دەکرێت یان نا .

لە کۆتاییدا سوپاس و پێزانینی ئەمنستی کراو داوایان لێکرا چالاکتر بن لە بەرامبەر داخوازەکانی گەلی کورد .

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بەئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد-چاک**

**www.chak.info** **2005-10-18**